گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper9

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 02/03/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 04/05/2023
ڕێکەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2024

# جەنگی کەنداوی ١٩٩١ و ڕۆڵی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان لە تێکشکاندنی هێزەکانی عێراق

**کاروان شریف قادر**

karwan.sharef@koyauniversity.org

بەشی مێژو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

کـاتێـک حکومەتی عێراق لە ســـــاڵی ١٩٩١ کوێتی داگیرکرد، ئەوە بو هەر زو کـاردانەوەیەکی تونـدی نێودەوڵەتیی بەدوای خۆیدا هێنا، هەریەکە لـە ئەمەریکا و هـاوپەیمـانەکانی لە ڕۆژئاوا و وڵاتـانی کەنداو، دژایییەتی خۆیان بۆ ئەم هەنگاوەی عێراق دەربڕی. نەک هەر ئەمان، بەڵکو بەشێک لەو وڵاتانەی جیهان، کە دۆســـــتی عێراق بون، وەک یەکێتی ســــۆڤیەتی جاران، ســــەرکۆنەی ئەو کارەی عێراقیان کرد. بۆیە بۆ ڕێگەگرتن لەوەی عێراق هەنگاویتر بهاوێژێ و پەلاماری هەندێ وڵاتی کەنداو بدات، ئەمەریکا دەســـــتی بە ڕەوانەکردنی هێزەکانی کرد بەرەو وڵاتی ســعودیە. هاوکات لەگەڵ ئامادەکارییە ســـەربازییەکان، بەردەوام دوا لە عێراق دەکرا کە هێزەکـانی لە کوێت بکشـــێنێتەوە، بەڵام گوێی بۆ ئەم داواکـارییـانە نەگرت و نەکشـایەوە. سـەرئەنجام لە ڕێکەوتی ١٧ کانونی دوەم تاکو ٢٤ی شـوباتی ١٩٩١ هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی کە نزیکەی ٣٤ وڵات بەشـــداریان تێدا کرد، توانییان هێزەکانی عێراق لە کوێت وەدەرنێن. جارێکی تر بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە کوێت توانییان بگەڕێنەوە ســەر دەســەڵات. لەم توێژینەوەیەدا، دەمانەوێت ئەوە ڕونبکەینەوە کە هێزی ئاسمانی ڕۆڵی هەبوە لە تێکشکاندنی سوپای زەمینیی عێراق، هەرچەندە فاکتەری سەرەکی نەبوە لە تێکشـکاندنی سـوپای عێراقدا. لە ماوەی شـەش هەفتەی هەڵمەتی ئاسمانیدا هاوپەیمانان دەیان تۆن بۆمب و موشـــەکیان ئاڕاســـتەی ســـوپای عێراق کرد و ســـوپای عێراق توانای جەنگی لەگەڵ هێزی زەمینیی هاوپەیمانان نەبو. هەروەها بەکورتی باس لە جەنگی کەنداو و ئەو هۆکارانە دەکەین کە وای لە حکومەتی عێراق کرد وڵاتی کوێت داگیربکات، دواتر باس لە ڕۆڵی هێزی ئاســــمانیی وڵاتانی هاوپەیمان دەکەین لەم

جەنگەدا، ئایا هێزی ئاســـمانی ڕۆڵی ســـەرەكیی لە جەنگی كەنداودا هەبوە یان نا؟ لە كۆتاییدا ئەوە ڕوندەكەینەوە كە كاریگەرییەكانی شەڕی كەنداو لەسەر حكومەتی عێراق چی بون؟

**كلیلە وشە:** هێزی ئاسمانی، تەكنەلۆژیا، نەتەوە یەكگرتوەكان، عێراق، كوێت، هاوپەیمانان.

## پێشەكی:

جەنگی كەنداو بەڕوداوێكی گرنگی مێژوی هاوچەرخ دادەنرێت، وەک پاشخانێكە بۆ هەمو شەڕەكانی ئەم دواییەی ناسراو بە جەنگی عێراق (Coyote, 2013: 24).سەبارەت بە هۆكارەكانی داگیركردنی كوێت لەلایەن عێراقەوە لە نێوان توێژەراندا ناكۆكی هەیە و ئێمە دواتر بە وردی ڕونیدەكەینەوە. گرنگترین هۆكار بۆ بەرپابونی جەنگی كەنداو، كە زۆر باســـی دەكرێ، ئەو بانگەشـــەیەی عێراقە، كە گوایە كوێت نەوتی ســـنوری نێوان هەردو وڵات دەدزێت. ئێمە هەوڵدەدەین ئەوە ڕونبكەینەوە، كە ئەمە تا چەند هۆكارێكی ســـەرەكی بو بۆ دەســـتپێكردنی جەنگ. هەروەها دەمانەوێت هەڵســـەنگاندن بۆ ڕۆڵی هێزی ئاســـمانی لەم جەنگەدا بكەین، بەوەی كە ئایا هێزی ئاســـمانی فاكتەرێكی ســـەرەكی بو لە جەنگەكەدا بۆ كۆتایهێنان بە داگیركردنی كوێت لەلایەن عێراق و دەرپەڕاندنی ســـوپای عێراق لە خاكی كوێت یان نا؟ لەكۆتایی توێژینەوەكەدا باس لەكاریگەریی جەنگی كەنداو دەكەین لەسەر حكومەتی عێراق و كاریگەرییەكانی لەسەر ئەو وڵاتە لە دوای كۆتایهاتنی جەنگەكە.

شێوازی نوسینی ئەم لێكۆڵینەوەیە لەڕوی میتۆد و نوسینی لێكۆڵینەوە، بەشێوەیەكی زانستیانە لێكدانەوەو شیكردنەوەمان بۆ ڕوداوەكە كردوە بۆ گەیشتن بەڕاستی مێژوی جەنگی كەنداو و ڕۆڵی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان لە جانگەكە لە ڕێگەی شیكردنەوەی بیردۆزی جۆن واردن.

ئامانجی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم لێكۆڵینەوەیە، لێكۆڵینەوەیەكی زانســـتییانە بوە، ســـەبارەت بە لێكدانەوە و ڕاڤەكردنی زانســـتیانە بۆ جەنگی كەنداوی ١٩٩١ و هۆكار و ئەنجامی جەنگەكە، بە دیارخســـتن و گرنگی ڕۆڵی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان لە یەكلاكردنەوەی جەنگەكە لە بەرژەوەندییان.

هۆكـاری هەڵبژاردنی ئەم بـابـاتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە، ڕاســـتە ڕەنگە بتوانی زانیـاری مێژویـت دەسبكەوێت سەبارەت بە جەنگی كەنداو بە زمانی كوردی، بەڵام ڕەنگە ئەستەم بێت كە سەبارەت بە ڕۆڵی ئاسمانی لەو جەنگە هەبێت، هەربۆیە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد تا ئەم لێكۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین.

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پوختە و پێشەكی و ئەنجام، ناوەڕۆكەكەی بەسەر چەند تەوەرەیەكدا دابەشكراوە، وەک دەروازە كە تێیدا، هۆكارەكانی داگیركردنی كوێت ڕونكراوەتەوە و ئەو پاڵنەرانە چیبون وای لە عێراق

کرد پەلەماری کویێت بدات و داگیری بکات، لەتەوەرەی یەکەمدا، پرژاوینەتە باســـکردنی جەنگەکە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەهۆیەوە هاتنەکایەوە و پێشــهاتێکی نوێی لە کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت خولقاند، لە تەوەری دوەمدا جەخت لە ڕۆڵی هێزی ئاســـمانیی هاوپەیمانان کراوە لە جەنگەکە و کاریگەرییەکانی لە خێرا یەکلاکردنەوەی لە بەرژەوەندی هاوپەیمانان، دوا تەوەرەش ئاماژە بەو کاریگەرییانە کراوە کە لە ئەنجامی جەنگەکەوە بە سەر عێراقدا هاتن لەڕوی سەربازی، سیاسی، ئابوری، ئاوەدانی، کۆمەڵایەتییەوە.

لەم توێژینەوەدا، کۆمەڵی ســـەرچاوەمان بەکارهێناوە کە زۆربەیان بە زمانی ئینگلیزین لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی عەرەبی. لە هەموان گرنگتر کتێبەکەی ( John Warden's Five Ring Model and the Indirect Approach to War) کە نوســـەرەکەی (Chun, C.K ) کە بۆتە بناغەی توێژینەوەکەی ئێمە، چونکە بیردۆزی جۆن واردن و شـــیکردنەوەی بیردۆزەکەمان لەو ســـەرچاوەیە وەرگرتوە، جگە لەمەش سودێکی باشمان بۆ نوسینی توێژینەوەکە لیبینیوە، هەروەها سودێکی باشیشمان لە کتێبی ( The Gulf War 1991) کە نوسەرەکەی (Finlan, A) کە لە زۆر شوێن بەکارمانهێناوە.

## دەروازە: هۆکارەکانی داگیرکردنی کویێت لەلایەن عێراقەوە

مێژوناســان تا ئێســتا، بۆچونی جیاواز دەخەنەڕو ســەبارەت بە ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە وای لە حکومەتی عێراق و سەرکردایەتییەکەی خودی سەدام حوسێن کرد بیر لە داگیرکرنی کویێت بکاتەوە، چونکە ناکۆکییەکی زۆر هەیە ســـەبارەت بە هۆکارە ســـەرەکییەکانی داگیرکارییەکە .(Flanagan, 1991:18) دەتوانین بڵێین چەند هۆکارێک هەبون کە بونە هۆی داگیرکردنی وڵاتی کویێت لەلایەن عێراقەوە، لەوانە، عێراق بەهۆی پاڵپشـتی دارایی لەلایەن کویێت و سـعودیە لە جەنگەکەی دژی ئێران قەرزێکی زۆری هەردو وڵاتی کەوتبوە ســـەر، کویێت زیاتر لە جەنگەکەدا یارمەتیی دارایی پێشـــکەش بە عێراق کردبو، جگەلە یارمەتیی دارایی کویێت لە بەندەرەکانی خۆیەوە یارمەتیی لۆجســـتی بۆ عێراق ناردوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەندەری بەسرە مەترسیی کەوتبوە سەر (Khaddori, M &Ghareeb 1997:3) . ئەمەش بوە هۆی تێوەگلانی زیاتری کویێت لە جەنگدا، کە ئێران لە دوای پشـــتگیرییە داراییەکانی بۆ عێراق ئەو وڵاتەی کردە ئامانج (1) کۆی قەرزەکانی عێراق زیاتر لە 80 ملیار دۆلار بو، کە ئەم ڕێژەیە یەکجار زۆربو، حکومەتی عێراق نەیتوانی بیگەڕێنێتەوە (Cordesman&Wagner1996: 45). ئەمەش وای لە عێراق کرد کە داوا لە کویێت بکات لەو قەرزەی خۆشـــبێت، بەڵام کویێت ڕەتیکردەوە، ئەمەش حکومەتی عێراقی توڕەکرد (Danchev&Keohane, 1993: 23) .

ماوەیەک پێش هەڵگیرسـانی جەنگ، حکومەتی عێراق بانگەشـەی ئەوەی کرد کە کویت نەوتی سـنوری نێوانیان دەدزێت، بەتایبەت نەوتی ناوچەی کێڵگەی ڕومێلەی عێراق(Freedman & Karsh, 1991:52) ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە ناکۆکیی نێوان هەردو وڵات زیاتر پەرەبسـێنێت. عێراق بانگەشـەی ئەوەی دەکرد، کە کویت بە بەهای2.4 ملیار دۆلار نەوتی ئەو ناوچانەی دزیوە بەمەش زیانی زۆری بە دارایی و ئابوریی وڵاتەکە گەیاندوە، وای لە عێراق کردوە قەرزێکی زۆری بکەوێتە سـەر، کە ئەمەش بوە هۆی ئەوەی پەیوەندیی نێوان هەردو وڵات بەرەو خراپتر بچێت (Muellor,1994:23-30).

لە بەرامبەر ئەم پروپاگەندەیەی عێراق، کویت ڕایگەیاند ئەو هەواڵانە دورن لە ڕاستییەوە و دروستکراون، بۆ ئەوەی پاساو بدۆزنەوە کە جەنگ دژی کویت هەڵبگیرسێنن و ڕەوایەتی بە داگیرکردنی بدەن. هەروەها ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی لەو ناوچانە کاریان دەکرد، لایەنگریی کوێتیان لە بابەتی دزینی نەوتی عێراق کرد، ڕایانگەیاند کە ئەو هەواڵە ڕاسـت نییە، عێراق دەیەوێت کویت داگیربکات بۆ پڕکردنەوەی پێداویسـتییە نەوتییەکانی خۆی، چونکە بەهۆی شـەڕی چەند ساڵەی لەگەڵ ئێران ناتوانێت دابینی بکات. هەر پەیوەست بەم بابەتە حکومەتی عێراق ڕایگەیاند کە کویت نەوتێکی زۆر بەرهەمدەهێنی بۆتە هۆی دابەزینی بەهای نەوت ئەمەش بۆتە هاندەری بۆ داگیرکردنی کویت.(Fisk, 2006: 18)

هۆکارێکیتر کە هەندێک لە مێژونوسـان ئاماژەی پێدەدەن، ئەوەیە، عێراق، وڵاتی کویتی بە خاکی خۆی دەزانی، بەردەوام دەسـەڵاتدارانی عێراق بانگەشـەی ئەوەیان دەکرد کە کویت خاکی عێراقە (2). لە زۆر قۆناغە مێژووییەکانی عێراقی نوێ و گۆڕانی دەسەڵات چ لە سەردەمی پاشایەتی چ لە سەردەمی کۆماریدا، ئەم بانگەشەیە کراوە (Khaddori, M &Ghareeb, 1997: 4).

دەکرێ هۆکاری کەسـی بە یەکێکی تر لە هۆکارەکان دابنێین، ئەمەش بۆ خودی سـەرۆکی عێراق دەگەڕێتەوە کە بڕیاری یەکەم و کۆتا لای خۆی بو، کاتێکیش چاوێک بە مێژوی سـەدام و چۆنێتیی هاتنە سەر دەسەڵات دەخشێنین، ئەوە دەبینین بەردەوام حەزی بە خۆدەرخستن بوە، جا بە هەر شێوەیەک بێت (احمد،١٩٩٥: ١٠٧_١١٠).

## تەوەری یەکەم: کورتەیەک دەربارەی جەنگی کەنداو:

دوابەدوای ئەو هۆکارانەی کە لە دەروازەدا ئاماژەمان پێکرد، حکومەتی عێراق بێگوێدانە بنەماکانی نێودەوڵەتی و سـەروەریی وڵاتان، لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ پەلاماری کوێتی دا و داگیریکرد. هێزەکانی گاردی کۆماری بە پاڵپشـتی سـەد هەزار سـەرباز و٧٠٠ تانک و دەیان چەکیتری قورس لە بەرەبەیانییەکی زودا چونە ناو خاکی وڵاتی کوێتەوە. دەستبەجێ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆبونەوە، سەرەتا

قەدەغەی هەمو جۆرە بازرگانییەکی لەگەڵ عێراق کرد و هەمو پارە و سـەرمایەکانی وڵاتی عێراقی لە بانکەکانی دەرەوە بلۆک کرد (Khaddori, M &Ghareeb, 1997: 73) تا 4ی ئابی 1990 زۆربەی سـەربازانی کویتی یان کوژران یان بەرەو سعودیە و بەحرەین هەڵاتن. سەدان هەزار هاووڵاتی لەو وڵاتە ڕایانکرد و ژمارەیەکی زۆریشـیان مانەوە نەیانتوانی هەڵبێن و کەوتنە دەسـت هێزەکانی عێراق (Flanagan, 1991: 18-26) ئەو داگیرکارییە سـەرەتا بریتیبو لە کردەی سـەربازیی چڕوپڕ، کە وادەرکەوت عێراق نیازی داگیرکردنی وڵاتی تریشـی هەیە نەک بە تەنها وڵاتی کویت. ئەم کردەوەیە وەک باسمان کرد، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەرکۆنە کرا و نەتەوە یەکگرتوەکانی هاندا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک تاکو عێراق بوەسـتێنرێت، ئەوەبو بڕیاری ٦٦٠ دەرکرا کە داوای کشـانەوەی بێ مەرجی عێراقی دەکرد، دواتریش ئەمینداری وڵاتانی عەرەبیش هەمان داوای لە عێراق کرد، زۆربەی وڵاتانی جیهان داوای کشـانەوەی عێراقیان لەکویت کرد، لەو وڵاتانەش کە پێشـتر هاوپەیمانی عێراق بون، وەک فەرەنسـا و هیندستان. ئەم فشارە نێودەوڵەتییە بوە وەڵامدانەوەیەکی توند بۆ ئەو داگیرکارییە خێرایی بینرا، لە ڕێگەی سـزا ئـابورییە دەسـتبەجێکـانەوە، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکـانەوە لە دژی عێراق جێبەجێکرا (Fulghium,1991,23).

شـانبەشـانی ماوەی سـزاکان هەوڵی گفتوگۆ لەگەڵ عێراق درا، بەڵام کاتێک ئەمانە سـەرکەوتو نەبون، هێزەکانی هاوپەیمانان دەسـتیانکرد بە هێرشـی سـەربازیی دژی عێراق، هێزەکانی هاوپەیمانان بە زۆری لە سوپای ئەمەریکا پێکهاتبون، بەڵام هێزی سەربازی زۆبەی وڵاتان بە شداریان تێداکرد، بە وڵاتە عەرەبیەکانیشـەوە وەک سـعودیە و میسـر، ئامانجی سـەرەکیی هێزەکانی هاوپەیمانان دەرکردنی سـوپای عێراق بو لە کویت، ئەمە بە هێرشی ئاسمانی لە ١٧ی کانونی دوەم دەستپێکرد.(Fisk, 2006: xvii)

لێرەدا دەبێ ئەو ڕاسـتییە بڵێین، زۆربەی ئەو وڵاتانەی چونە پاڵ ئەمریکا، زیاتر بۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییە نەتەوەی و ئابورییە تایبەتەکانی خۆیان بو، نەک بۆ خاتری کویت و پاراسـتنی ئاسـایشـی جیهان، کەمترین ئەو بەرژەوەندیانەی کە هانی وڵاتانیدا لە پاڵ سوپای ئەمەریکا بچنە شەڕەوە دژی عێراق، نەوت بو، کە ئەو کات شادەماری وەگەڕخستی پیشەسازیی جیهان بو (Allison, 2012: vii) .

هێرشی وشکانیی هاوپەیمانان لە ٢٢ی شوبات دەستپێکرد هێزەکانی هاوپەیمانان لەماوەیەکی کەمدا توانیـان سـەرکەوتنێکی بێوێنە بەدەسـبهێنن کە کەمتر لە ٥ ڕۆژی خایەند، کویتیان لە حەوت مانگ داگیرکـاریی سـوپـای عێراق ئـازادکرد (Sulton, 1995:195-200) دوابەدوای ئەو ئـازادکردنەی هاوپەیمانێتییەکە چوە ناو کویتەوە و دوای چوار ڕۆژ بەتەواوی (100 کاتژمێر) دوای هێرشـی زەمینی بۆ سەر عێراق، عێراق خۆی بە دەستەوەدا و ئاگربەست ڕاگەیاندرا(Dinackus, 2000: 225-230).

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم جەنگە جگەلە زیانە دارایی و مرۆییەکانی لەناو سوپای عێراق، بوە هۆی مردنی دەیان منداڵ و خەڵکی سڤیل کە ئەمەش نیگەرانی و کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە بەتایبەتی لەناو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا. هەر بۆیە دەبینین لە پرسیاری ڕۆژنامەنوسێک لە سالانی دواتر، کە ئاراستەی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەکرێت، کە" ئایا ڕزگارکردنی کوێت لە دەست عێراق ئەوەی دەهێنا ئێوە نزیکەی نیو ملیۆن منداڵی عێراق بکوژن (Leigh & Wilson, 2001)(3) مادلین ئۆلبرایت(4)، وەزیری دەرەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: "هیچ هەڵبژاردنێکیترمان نەبو، پێویست بو، ئەنجامی بدەین هەرچەندە قوربانییەکان زۆریش بێت، بەڵێ باوەڕم وایە ئەوەی دەهێنا. (Leigh & Wilson,2001)


ئەگەر جەنگی کەنداو بۆ ڕزگارکردنی گەلێک بوبێ لەدەست داگیرکەرێک، بەلام گەلێکیتر کە هیچ دەسەلات و خواستێکیان نەبوە بۆ ئەو جەنگە، بونە قوربانی، نەک تەنها لە کاتی جەنگەکە لە سالانی دواتریش بەهۆی کۆتوبەندی نێودەوڵەتی کە لە دژی عێراق دایانا.

**تەوەری دوەم: ڕۆڵی هێزی ئاسمانی لە جەنگی کەنداو**

لە ماوەی جەنگی کەنداوی عەرەبی ساڵی 1991، جۆن واردن(5) ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی و هەروەها یاریدەری بەڕێوەبەر بوە لە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بۆ چەمکەکانی جەنگ، لەو ماوەیەدا بو تیۆری سیستەمی پێنج ئەڵقەیی خۆی پەرەپێدا، کە تایبەتە بە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی. لەلایەن گەورە بەرپرسانی سوپای ئەمەریکا داوای لێکرا ئەو بیردۆزەی خۆی پەرەپیبدات جەنەراڵ نۆرمان شوارتزکۆف، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، داوای لێکرد تاکو دژ بەحکومەتی سەدام حوسێن سودی لێوەرگرن.

بەپێی بیردۆزی واردن ئەو شوێنانە دیاریدەکرێن کە گرنگ و ستراتیژین بۆ ئەوەی هێزی ئاسمانی ئەم شوێنانە بۆمباباران بکات، بەمەستی لە ناوبردنیان، تاکو دوژمن ناچاربکەن بە خۆبەدەستەوەدان. ئەو بیردۆزەکەی بە شێوەی بینراو پێشکەش کرد وەک ئەوەی لە هێڵکاریی خوارەوەدا پیشاندراوە.

Warden’s 5 Ring Theory (Chun,2008,299)




وەک ئەوەی لە ســــەرەوە دەبینرێت، بنەمای ســــەرەکی لە تیۆری واردندا ئەوەیە، کە بۆردومانێکی زۆر کورت، بۆ ماوەی شــــەش ڕۆژبکرێت، تا توانا ســــەربازییەکانی عێراق بەتەواوی لاواز بکرێت، بەمەش حکومەتی عێراق توشـــی دارمان دەبێت، کە دواتر ناوی بروســـکەی خێرای لێنرا. ئەو باوەڕی وابوە ئەمە کارناکاتە ســــەر ژێرخانی ئابوریی خەڵک و نابێتە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ خەڵکی ســــڤیل ئەم هەڵمەتە کورتخایەن، بەڵام چڕە، ڕێگە بە هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا دەدات، کە بەشێوەیەکی سیستماتیک سەدام گۆشــەگیربکەن و هێرش بکەنە ســەر ناوەندە گرنگەکانی عێراق. بەپێی بیروبۆچونی شــیکەرەوەیەکی بیانی مۆدێلی پێنج ئەڵقەیی هێزی ئاســــمانیی ئەمەریکا، ڕێگە خۆش دەکات تاکو ئەمریکا بتوانێ دەســــتبەجێ هێرشی هێزی زەمینی لە سعودیەوە دەستپێبکات. واردن چەند ئامانجی دیاریکراوی پێشنیارکرد کە لەگەڵ بیردۆزەکـەی ئـەو دەگونجێت. یەکەم ئـامـانج بریتییە لـە تێکشــــکـاندنی هێزی بەرگریی ئـاســــمـانی و فڕۆکەخانەکان و هێزی ئاســمانیی عێراق، تاکو بتوانن توانای هێزی عێراق لەڕوی ئاســمانی تێکبشــکێنن، قۆناغی دواتر دەبێت ناوەندی فەرمان و کۆنترۆڵی ســەرکردایەتی و ناوەندە ســەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشــــکردن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ســــەربازی و عەمبارەکانی چەکی کۆکوژ و کیمیایی، دواتر هێرشکردن بۆ سەر کۆشک و شوێنی مانەوەی سەدام حوسین. (Chun:2008, 299)

سەرکردە سەربازییە باڵاکانی ئەمریکا لەو باوەڕەدا نەبون کە پلانی واردن بۆ هەڵمەتێکی زۆر کورت دژی 84 ئامانجی ســــتراتیژی ئەوەندە کاریگەربێت، بۆیە لەبری ئەوە هاوپەیمانان هەڵمەتێکی چوار قۆناغییان دەسپێکرد، بە هەڵمەتێکی ئاسمانیی درێژترەوە، دواتر ئۆپەراسیۆنەکانی دژی بەرگریی ئاسمانیی عێراق لە کوێت ئەنجامدرا. قۆناغی ســێیەم پشــتیوانی ئاســمانیی هێزی زەمینی بۆ جیاکردنەوەی هێزەکانی عێراق لە

کویت لەخۆگرتبو قۆناغی کۆتایی، هێزی ئاسمانیی و زەمینی بەکارهێنا بۆ دەرکردنی هەمو هێزە عێراقییەکان لە کویت. قۆناغی یەکەم و دوەم 39 ڕۆژی خایاند حکومەتی عێراق خۆی بەدەستەوە نەدا و سوپای عێراق تاڕادەیەکی زۆر لەبەریەک هەڵوەشایەوە (Chun:2008, 305). ڕاستە هاوپەیمانان بیردۆزەکەی ئەویان بە تەواوی جیبەجێنەکرد، بەڵام بیرۆکەکەی جۆن واردن کاریگەریی گەورەی هەبو لەسەر جێبەجێکردنی هەڵمەتە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان دژی عێراق.

بەهۆی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لەم جەنگەدا، هەندێک بە "بۆردومانی ئاسمانی ساڵی 1991ی عێراق" ناویدەبەن، هەڵمەتی بۆمبارانکردنەکە لە 17ی کانونی دوەمی 1991 دەستیپێکرد و لەو کاتەوە تا کۆتایی جەنگەکە هێزەکانی هاوپەیمانان زیاتر لە سەد هەزار هێرشی ئاسمانییان بۆ سەر هێزەکانی عێراق ئەنجامدا. ئەم هێرشانە بەجۆرێک بون "هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان ژمارەیەکی زۆر وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی ئەو هێرشانەیان تۆمارکردوە، کە بە وردی ئەنجامیان داوە و ئامانجەکانیان پێکاوە. تا ئێستا کاریگەری ئەو بۆردومانانە لە بیرەوەریی خەڵکدا ماوە (Finlan, 2003: 30).

بۆیە دەکرێت بڵێین کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناچارکردن و پاشەکشەی سوپای عێراق، ئەو 88 هەزار و 500 تەن بۆمبە بو کە هاوپەیمانان لە سەرانسەری وڵات، دژ بە عێراق بەکاریانهێنا، کە چەندین ناوچەی لەناو شارەکاندا وێرانکردبو، کە نەک تەنها شوێنە سەربازییەکانی عێراق، بەڵکو بوە هۆی لەناوبردن و زیانگەیاندن بە شوێنەوارە مێژوییەکانی عێراق. دیارە ئەمە وای لە سوپای عێراق کردوە کە ستراتیژێکی بەرگریی بۆ وەڵامدانەوەی هەڵمەتی ئاسمانیی هاوپەیمانان بگرێتەبەر لەبری هێرشکردن (Finlan, 2003:33).

لەلایەکی ترەوە نوسەرێک باوەڕی وایە، کە چۆن هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان توانیویانە بە وردی شوێن و ئامانجەکانیان بە تەواوی بپێکن کە کەمترین هاووڵاتی مەدەنی ببێتە قوربانی، ئەم تاکتیکە ئاسمانیانەی، کە ڕێگە بە هێزەکانی هاوپەیمانان دەدات عێراق کۆنترۆڵ بکەن، بەبێ ئەوەی قوربانییەکی زۆری لێبکەوێتەوە. فەرماندە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانی توانیان بە متمانەیەکی تەواوەوە هێزی هەوایی بەکاربهێنن لە جەنگ لەگەڵ عێراقدا، ئەو متمانەیە وایکرد هێزی ئاسمانیی عێراقی بەتەواوی پەکیبکەوێت، نەتوانێت ڕکابەری هێز و جۆری سوپای هاوپەیمانان بکات (Hallion, 1992:4).

هەروەها توێژەرێکی تریش هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کە هێزی ئاسمانی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە جەنگی کەنداودا. ئەو دەڵێت: هێزی ئاسمانی بە تەنیا ڕەنگە نەتوانێت ئەنجامی هەمو شەڕەکان دیاریبکات، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە یەکلاکردنەوەی جەنگ لە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتەی هێزی ئاسمانیی باش و

بەهێزی هەیە. سەرەڕای ئەوەش، هێزی ئاسمانیی ئەمریکا سەلماندی کە بەشێوەیەکی شاراوە وێرانکەرە بۆ هێزی پیادە و سەربازەکانی عێراق کە دواتر بینرا چی بەسەر هێزەکانی عێراقدا هێناوە، چ لە ڕوی کوژرانی سەرباز چ لەڕوی وێرانکردنی سەربازگەکانی حکومەتی عێراق (Posen, 2003: 16).

لە ڕاستیدا، هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان بە بۆچونی ئێمە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی بینیوە لە تێکشکاندنی توانا سەربازییەکانی عێراق چ هێزی ئاسمانی یان هێزە وشکانییەکانی عێراق، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە لە سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەو خێراییە و دەرکردنی لە خاکی کوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک لە مێژونوسان ڕای جیاوازیان هەیە، دەڵێن: هێزی ئاسمانی بەتەنها بەس نەبو بۆ ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکەوتویی لە جەنگەکە بێنە دەرەوە، ڕاستە بەشدارییەکی کاریگەری هەبو، بەڵام تەنانەت دوای 5 هەفتە لە بۆردومانکردن، باشترین یەکەکانی عێراق ئامادەیی ڕوبەڕوبونەوە بون لە بەردەم هێرشی زەمینیی هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی ئەمریکا، کە ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە جەنگەکە تەنها بە هێزی ئاسمانی یەکلانەکراوەتەوە، ئەو هەمو سەرچاوە مرۆیی و سەربازییەی لەبەردەست هێزەکانی هاوپەیمانان بو، وایکرد سەرکەوتن بەدەستبێهنن، کە بەراوردناکرێت بەتوانا سەربازی و مرۆییەکانی عێراق نەک هێزی ئاسمانیی بەتەنیا (Press, 2001: 37). هەرچۆنێک بێت لە نێوان مێژونوسان هاوبۆچونێک هەیە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە هێزی ئاسمانیی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبو لە شکستهێنانی عێراق لە جەنگەکەدا، هەریەکە لە شەڵتز و پفلتزگراف (6) باس لەوە دەکەن کە ستراتیژیەکە لە هەڵمەتی ئاسمانی هۆکارێکی گەورە بوە بۆ ئەوەی هێرشی زەمینی بە خێرایی سەرکەوتن بەدەستبێنییت ((Schultz &Phaftzgraff, 2001: 19).

هەمو بارەگا سەرەکییە حکومی و سەربازی و حزبییەکانی سەر بە بەعس وێرانکران، کە وایکرد هەم توانا مرۆیی و هەم توانا سەربازییەکان بە تەواوی لەناوببرێ. بەرگریی ئاسمانیی عێراق تاڕادەیەکی زۆر بێ توانا کرا لە ئاست هێرشی ئاسمانیی هاوپەیمانان(Schultz &Phaftzgraff, 2001: 19) ئەم ستراتیژیەی تێکدانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، زۆر یارمەتیی هێزەکانی هاوپەیمانانی داوە و بەو هۆیەشەوە زۆرێک لە مێژونوسان باس لەوە دەکەن کە هێزی ئاسمانی ڕۆڵێکی بەنرخ و بەرچاوی بینیوە لە سەرکەوتنیاندا.

هەرچۆنێک بێت، ئەوە ڕاستە کە هێزە عێراقییەکان هێزی ئاسمانیی خۆیان هەبو، ئەمەش لە هێرشە سەربازییە چڕەکەی سەر کوێتدا بینرا .(Fulghum, 1991: 71-73) یەکێک لەهۆکارەکانی دەست بەسەرداگرتنی تاڕادەیەک خێرای، کوێت بۆ هێزی ئاسمانیی عێراق دەگەڕێتەوە، کە ئەو وڵاتە نەیتوانی

بەرگرییەکی زۆر بکات، بەتایبەتی لە ئاسمانیی خۆیدا (Sayenga, 1991). هەر لە سەرەتای جەنگەوە، هێزی ئاسمانیی عێراق بەشێوەکی سەرەکی یارمەتیی سوپای عێراقیدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی کوێت زۆر بەخێرایی، بەڵام سەبارەت بە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان جیاواز بو، چونکە نەیدەتوانی ڕکابەری هێزەکانی هاوپەیمانان بکات. کاتێک حکومەتی عێراق زانیی هێزەکانی هاوپەیمانان زۆر بەخێرایی هێزی ئاسمانیی عێراقیان لەناوبرد، سەرەڕای بەکارهێنانی موشەکی (زەمین هەوا) لەلایەن سوپای عێراقەوە، بەڵام هیچ سودێکی نەبو بۆی (Morrocco, 1991: 40-43) .

بەگشتی ستراتیژی ئاسمانیی سەربازی بریتیبو لە ئاڕاستەکردنی موشەکی کروز و تۆماهاک لە کەشتی جەنگییەوە، وەک بەشێک لە هەڵمەتە ئاسمانییەکە، بەشێکی زۆری عێراقیان بۆردومانکرد و بوە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆر سەرباز و هاوولاتیی سڤیل. بەپێی بەڵگەکان، هەڵمەتە ئاسمانییەکە بوە هۆی لەناوچونی بەشێکی زۆری هێزە چەکدارەکانی عێراق. بەبێ ئەم هەڵمەتە ئاسمانییە لەوانەیە ئەنجامەکەی بەو شێوەیە نەبوایە کە ڕویدا کە بە ئاسانی هێزەکانی هاوپەیمانان بە ماوەیەکی کورت، توانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن، نەک عێراق لە وڵاتی کوێت دەرکەن، جگەلەوەش بوە هۆی ئەوەی هانی خەڵک بدات دژی دەسەڵاتی سەدام حوسێن، ئەوەبو لە ماوەیەکی کەمدا ڕاپەڕین ڕویدا لە باکور (کوردستان) و باشور، توانرا بەشێکی زۆری خاکی عێراق لەژێر دەستی سەدام و حکومەت ڕزگار بکەن. "ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیابان" ناودەبرێت و زیاتر لە ١٠٠٠جار، ڕۆژانە، بۆردومانی عێراق کراوە (Finlan, 2003: 30-32). ئەمەش لە ڕوانگەیەکەوە دەردەکەوێت کە ڕۆڵی هێزی ئاسمانی چەندە گرنگبو، وەک چۆن پێشتر هیچ کاتێک بەم شێوە نەبینرابو. ژمارەیەکی کەم لە هێزەکانی هاوپەیمانان کوژران و زیانەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان لەڕوی سەربازییەوە زۆر کەم بون، بۆ نمونە تەنها 75 فڕۆکەیان لە 100000 جار فڕین بۆ بۆردومانکردنی عێراق لە دەستچو. بۆردومانە ئاسمانییەکان بوە هۆی ئەوەی زۆرێک لەهێزە ئاسمانییەکانی عێراق بەرەو ئێران ڕابکەن، ئەمە چاوەڕواننەکراو بو، چونکە هاوپەیمانان وایاندانابو کە هەڵاتنەکە بەرەو ئوردن بێت و ستراتیژیەتی خۆیان بۆ ئەمە ڕێکخستبو، دوای چەند هەفتەیەک، هێرشی هێزی ئاسمانی لە 24ی شوباتەوە وەستا، لەگەڵ هاتنە ناوەوەی سەرکەوتوانە بۆ ناو کوێت. دەتوانین بڵێین کە ئەمە ڕێکەوت نەبو، کە کۆتایی هەڵمەتی بۆمبارانکردن و کۆتایی جەنگ نزیک بون لە یەکەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بوە دەریبخات کە هەردو هێزی ئاسمانی و زەمینی بە یەکەوە بەستراونەتەوە و بەبێ هاوکاری لە نێوان هێزی ئاسمانی و ستراتیژی لەپشت هەڵمەتی سەرتاسەرییەوە کاری هێزەکانی هاوپەیمانان قورستر دەبون(Finlan, 2003: 35 ).

هێزەکانی هاوپەیمانان تێکەڵەیەک لە تەکنەلۆژیای نوێ و کۆنیان بەکارهێنا لە هێزی ئاسمانیی خۆیان لە کاتی جەنگی کەنداودا. بەریتانیا بۆ یەکەم جار فڕۆکەی هێرشبەرانی تۆرنادۆ و فڕۆکەی (ج پ 233)ی بەکارهێنا و ئەمریکاش فڕۆکەی جەنگیی ئێف-117ی شەبەح و موشەکی کروز و تۆماهۆکی بەکارهێنا. هەروەها بۆمبهاوێژە ئەمریکییەکان موشەکی کروزی ئاسمانییان بەکارهێنا. جگە لەوانەش سوپای ئەمەریکا چەندین جۆری موشەک و سیستەمی زۆر پێشکەوتوی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی فشارەکان لەسەر بەغداد لە کاتی ڕۆژدا بەردەوام بن. جگە لەمانەش چەندین جۆر لە دەنگ، کە لە دەنگی بۆمب فڕۆکە دەچون بەکارهات، کە تەنها بۆ زیادکردنی ئەو چەک و کەرەسە سەربازیانە بون، کە بەکاردەهاتن، وەک بۆمبی دەنگی تاکو زیاتر ورەی سەربازانی عێراقی پێبڕوخێنن، ئەمەش ڕێگەی بۆ فڕۆکەکان خۆشدەکرد بتوانن ماوەیەکی زۆر لە ئاسماندا بمێنەوە بە جۆرێک لە یەک کاتدا نزیکەی 600 فڕۆکە لە ئاسمانیی عێراق بن و بۆردومان بکەن (Cordesman and Wagner, 1994) .

جگە لەو تەکنەلۆژیایە نوێیەی کە لەسەرەوە باسکرا، هێزەکانی هاوپەیمانان کۆنترین توانای هێزی ئاسمانیی خۆیان لەم جەنگە دوبارە بەکارهێنایەوە، هێزەکانی هاوپەیمانان ڕاستە فڕۆکەی پێشکەوتویان بەکارهێنا بۆ هاویشتنی بۆمبی بێدەنگ، بەڵام فڕۆکەی تاڕادەیەک کۆنیشی لەگەڵ فڕۆکەوانی نوێی بەکارهێنا بۆ وەشاندنی گورزێکی کەمەرشکێن لە سوپای عێراق. فڕۆکەکانی وەک تۆرنادۆ و فڕۆکەی وەک فڕۆکەی ئێف-111 کە هی سالانی شەستەکانن، بەڵام توانیان تواناکانیان بەرزبکەنەوە و لە جەنگەکەدا بەکاریانبهێنن، کە توانیان بەو فرۆکە کۆنانە گورزی بەهێز لە سوپای عێراق بدەن. لەبەرئەوە، ئەو ئەنجامەی کە هێزی ئاسمانی لە جەنگی کەنداودا بەدەستیهێنا سەرکەوتنی تەکنەلۆژیای 'نوێ' بەسەر تەکنەلۆژیای 'کۆن' نیشان نادات: "، بەڵکو لایەنی جەنگیی ئاسمانی ڕۆڵی هەندێک گۆڕانکاری لە تاکتیک و ڕاهێنان و تەکنۆلۆژیایە لە زاڵبون بەسەر دەرەنجامەکەیدا .(Cordesman and Wanger, 1994:594)

## تەوەری سێیەم: کاریگەریی جەنگی کەنداو لەسەر عێراق

هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان لە ماوەیەکی کەمدا، توانیان توانای هێزی ئاسمانیی عێراق لاواز بکەن. لە سەرەتای جەنگەکە نزیکەی ١٠٠٠ جار لە هێزی ئاسمانیی عێراق و فڕۆکەخانە سەربازییەکان و سەکۆی هەڵدانی موشەکی ئەرزئەرز و ئەو ناوچانەی گومانی هەبونی چەکی ئەتۆمیی لێدەکرا، لەگەڵ کارگەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاییاندا(القصاص، ٢٠١٦: ١٦٩).

نزیکەی ٤٠ لیوای ســوپای عێراق لە کۆی ٤٢ لیوا کە لە کویت بوە لەبەر یەک هەڵوەشــانەوە، زیاتر لە ٨٠ هەزار سەرباز و ئەفسەری سوپای عێراق بەدیلگیران. جگە لەمانەش٣٠٠ تانکی تێکشکا و ١٨٥٠ زرێپۆشی ســەربازی و ٢٨٠٠ تۆپ لەناوبران. لەلایەکیترەوە، ١٢٠ هەزار عێراقی کوژران، کە لە نێویاندا ٥٠٠٠ هەزار هـاووڵاتی ســـڤیل هەبو، زیـاتر لە ١٢٠ هەزاری تریش برینـداربون. وەزارەتی بەرگریی و ســـەنتەری ســەرکردایەتیی کردە ســەربازییەکان و وەزارەتی ناوخۆ و هەر بنکە و پێگەیەکیتری ســەربازی کە مایەی مەترسی بێت بۆ هاوپەیمانان وێرانکران(القصاص، ٢٠١٦: ١٧٢).

لەلایەکیترەوە، ســـەرچاوەیەکی تر پێوایە، زیانە ســـەربازییەکانی عێراق زۆر لەوە زیاترە کە باس کراوە، دەڵێ: نزیکەی١٠٣فڕۆکەی شـــەڕکەر لەناوچون، ١٤٧ فڕۆکەش بەرەو ئێران ڕایانکرد جگە لەمەش ٣٠٠٠ هەزار تانک تێکشکان، ٩٢٥ زرێپۆشی سەربازی و ١٤٨٥ تۆپ، هەروەها نزیکەی ٢٦ تیپی سەربازی لە ٤٨ تیپ زیانی کوشندەیان بەرکەوت(صالح،٢٠١٠: ١٠٦).

هەرچەندە عێراق ئەم جەنگەی لەگەڵ کویت کرد تاکو لە قەیرانی دارایی ڕزگاری بێت و وڵاتانی خاوەن قەرز لێی خۆش بن، بەڵام دەبینین کە توشـــی قەیرانی دارایی زیاتر بو، قەرزەکانی زۆر زۆر زیاتر بون، دوای هەڵمەتی بەرفراوانی بۆمبـارانکردن لەلایەن هێزەکـانی هـاوپەیمـانـانەوە، لە زۆربــەی شــــار و شــــارۆچکەکانی عێراق تەواوی پرۆژە خزمەگوزارییەکان لەناوبران، بەتایبەتی ڕێگاوبانەکان و بینای دامودەزگاکانی وڵات، بۆیە بەناچاری دەبو دوبارە دروســتیان بکاتەوە، جگەلەوانەش تۆڕی کارەبای عێراق بەتەواوی لەناوبرا، هەروەها بەشــی هەرە زۆری کێڵگەکانی نەوت خاپورکران، بەرهەمهێنان تیایاندا وەســتا وەک هەندێک لە پلاندانەرانی بەکارهێنانی هێزی ئاســـمانی ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەمە بۆ ئەوە بوە کە عێراق لە داهاتو داوای هاوکاری بکات بۆ بنیاتنانەوەیان، چونکە خۆی ئەو توانایەی نەبوە(Gellman, 1991).

هەر چۆنێک بێت، لەڕوی ئابورییەوە، کاریگەری ڕاســتەقینەی شــەڕی کەنداو لەســەر عێراق هەســتی پێدەکرێت. بۆ عێراق، نەوت، بەردی بنـاغـەی ئابوریی وڵاتی پێکدەهێنا، ســـزاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەشـێوەیەکی کاریگەر ئەم پیشــەســازییەی لەناوبرد، 97٪ی هەناردەی عێراق نەوت بو کە ڕێگە بە عێراق نەدەدرا بیفرۆشێت هەتا ساڵی 1996 عێراق لە قەیرانێکی مرۆیی لە دۆخێکی نالەباردا بو، بەهۆی سزاکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، دوایی نەتەوە یەکگرتوەکان و عێراق ڕێککەوتنیان کرد، کە تێیدا ڕێگە بەعێراق درا نەوت بفرۆشێت لەژێر مەرجێکی زۆر توندا ئەم ڕێککەوتنەش بە پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراک ناسرا. ئەم بارودۆخە خراپەی ئابوریی کە توشـــی عێراق هات، بەهۆی هەڵەی خۆی بو کاتێک وڵاتی کویتی داگیرکرد.(Alnasrawi, 2000: 89-119 )

## ئەنجام:

١-لەگەڵ زیانە زۆرەکانی و کاریگەرییە بەهێزەکانی لەسەر سیاسەتی جیهانی، جەنگی کەنداو وەک ڕوداوێکی گرنگ دەمێنێتەوە، کە بوە هۆی پەیرەوکردن و بەدیارکەوتنی سیاسەتێکی نوێ لە جیهان و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە کاتی داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عێراق، هەزاران هاووڵاتی لەو وڵاتە هەڵهاتن بۆ وڵاتانی دراوسێی بەتایبەتی بۆ وڵاتی سعودیە. هەندێک، جارێکیتر نەگەڕانەوە بۆ کوێت.

٢-پەیرەوکردنی ستراتیژی هێرشی سەربازیی ئاسمانی لەلایەن هاوپەیمانان لە سەرەتای جەنگ، کە توانیان بە کەمترین زیانی مرۆیی لە جەنگەکە دەربچن و زیانێکی زۆر لە سوپای عێراق بدەن، لەڕوی مرۆیی، لەڕوی سەربازییەوە، جگە لەمەش هێزی ئاسمانی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوە لە جەنگ و کۆتایهێنان بە جەنگ و ئەنجامەکەشی. جگە لەمەش ئەوەمان بۆ دیارکەوت، کە هێزی ئاسمانیی عێراق هیچ هاوتانەبو بەرامبەر بەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەی لەدەست سوپای هاوپەیماناندا بوە.

٣-لەئەنجامی نوسینی ئەم لێکۆڵینەوە، ئەوەمان بۆ ڕونبوەوە، بەڵێ ڕاستە کە هێزی ئاسمانی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە تێکشکاندن و لە ناوبردنی توانا سەربازییەکانی سوپای عێراق، ئاسمانی و زەمینی)، بەڵام یەکلاکەرەوە نەبوە، بەڵکو هێزی وشکانیش ڕۆڵی هەبوە، کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەردوکیان بە یەکەوە ڕۆڵیان هەبو لە سەرکەوتن بەسەر عێراقدا بەماوەیەکی کەم.

٤-دوای جەنگی کەنداو بینرا کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر حکومەتی عێراق هەبو، گرنگترین کاریگەریی جەنگەکە لەسەر بواری ئابوری بو، چونکە جەنگەکە ژیانێکی زۆری سەختی بۆ خەڵک هێنایەکایەوە و ئابورییەکەی گەڕاندەوە بۆ دۆخی یەکجار هەژاری. دواتر بەهۆی سزاکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سەر عێراق، گەلی عێراق توشی قەیرانێکی ئابوریی توندبون لە ئەنجامیدا دەیان کەس مردن و وڵاتیان بەرەو ئاوارەیی و دورە وڵاتی بەجێهێشت و ڕویان لە وڵاتانی ئەوروپا کرد. تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ نەوەی نوێی وڵات باجەکەی دەدەن.

٥- یەکێکی تر لەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیە پێیگەیشتین بریتییە لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم جەنگە، کە سەدان ژن بێوەژن کەوتن و منداڵان بێباوک بون، جگە لە کەمئەندامبونی دەیانی تر کە دواتر بوە کێشە لەناو خێزانەکان.

٦- لەڕوی ســیاســی، دەتوانین بڵێین ئەنجامەکەی لە بواری ئابوریی قورســتر بو بۆ عێڕاق، بەوەی کە لە باشـــور و باکور ڕاپەڕین لە دژی حکومەت پەرپابو، ڕاســـتە لە باشـــور ڕاپەڕین دامرکایەوە، بەڵام لە (کوردستان) ڕاپەڕینی کوردەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

٧- ڕاســـتە ئەمریکا و هاوپەیماناکانی بەناوی یارمەتییدانی کوێت و چەســـپاندنی ئاشـــتی لە جیهان هاتن شـــەڕیان دژی عێڕاق کرد، بەڵام مەبەســـتی تایبەتی خۆیان هەبو، کە زیاتر ئابوری بو بەتایبەتی نەوت، کە ئەو کات بڕبڕەی پیشەسازی و ئابوریی جیهان بو.

٨- هەرچەندە هاوپەیمانان ســەرکەوتنیان بەدەســتهێنا و عێڕاق لە کوێت وەدەرنرا، بەڵام ئەم جەنگە وڵاتی کوێتی توشـــی ئازارێک و زیانێکی زۆری ئابوری و مرۆیی کرد. بنیادی ئابوریی و بواری پیشـــەســـازیی نەوتی ئەو وڵاتە زەرەر و زیانێکی زۆری بەرکەوت، کە ماوەیەکی زۆرباشـــی ویســـت ئینجا توانی خۆی ڕێکبخاتەوە بکەوێتەوە سەرپێ.

# The 1991 Gulf War and the role of the Allied Air Force in destroying Iraq

**Karwan Sharef Qadir**

Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

When the Iraqi army invaded Kuwait, it quickly followed by a strong international reaction, each one of the United States and its allies in the West and the Gulf countries expressed their opposition and disapproval to this act of Iraq. Not only the aforementioned countries but also some of those countries that considered themselves friends of Iraq like the former Soviet Union condemned this aggressive act of Iraq. Hence, to prevent Iraq from taking further actions to attack some other Gulf countries, the United States began to send troops to Saudi Arabia. Along with the military preparations, Iraq was repeatedly warned to withdraw its forces from Kuwait, but it ignored these demands and did not withdraw from it. Consequently, an international military operation involving 34 countries could expel Iraqi forces from Kuwait from December 17 th to February 24 th 1991. Again, the Kuwaiti ruling family could return to power.

In this study, we want to elucidate that although the air force strikes played a role in defeating the Iraqi army, but it was not the main factor in defeating it. In addition, it is true that during the six weeks of the International Allies' air strikes, they dropped dozens of tons of bombs and missiles on the Iraqi army, and the Iraqi army was not capable of fighting the Allies ground forces. We have also briefly discussed the Gulf War and the reasons that led the Iraqi army to invade Kuwait, then we have discussed the role of the Allied countries' air forces in this war, whether the air force played a major role in the Gulf War or not. Finally, the effects of the Gulf War on the Iraqi government have been explicated.

**Key words:** Air force, United nation, Iraq, Kuwait, Allie, Technology.

## پەراوێزەکان:

(1) لەڕاستیدا، بەئامانجگرتنی کوێت لەلایەن ئێران لە ڕێگەی هاندانی شیعەکانی ئەو وڵاتەوە بو بۆ نانەوەی پشێوی و خۆپشاندان دژ بە دەسەڵات.(الكواز,2012, 3_11)

(2) ئە م بانگەشەی کە کوێتی بە بەشێک لە خاکەکەی دەزانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە ماوەیەک لە سەردەمی عوسمانی بەشێک بوە لە ویلایەتی بەسرە.کاتێکیش دەوڵەتی عێڕاق لە ساڵی ١٩٢١دا دامەزرا، تا ساڵی ١٩٩٠ چەندین جار دەسەڵاتدارانی عێڕاق و حکومەتە جیاجیاکانی، هەر لە سەردەمی شا غازی (١٩٣٣_١٩٣٩) دواتر عبدلکریم قاسم (١٩٥٨_١٩٦٣) ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کە کوێت بەشێکی دانەبڕاوی خاکی عێڕاقە ( Gause,F.G,2001:16).

(3) ڕەنگە ئەم پرســـیارە لەوەوە ســـەرچاوەی گرتبێ کەلەکاتی جەنگی کەنداو، بەدیاری کراوی لە ڕۆژی ١٩٩١/٢/١٣لە بۆردومانی هێزوکانی هاوپەیمانان بۆســەر حەشــارگەی عامریە، بە ســەدان ژن و منداڵ کە بەشێکیان هی بەرپرسانی عێڕاق بون بونە قوربانی، هەروەها بەهۆی ئەو گەمارۆی ئابورییەوە کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەر عێڕاقدا سەپێنرا دەیان منداڵ گیانیان لە دەستدا. (توێژەر)

(4)مادڵین ئۆڵبرایت(1937) لە چیکســـلۆفکیا لە خێزانێکی یەهودی لەدایکبوە، باوکی دیبلۆماتکار بوە، پرۆفیســـۆر بوە لە بواری دیبلۆماســـی نێودەوڵەتی، چەندین پۆســـتی حکومی بینیوە، ســـاڵی 1997 بوە بەوەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەسەردەمی سەرۆکایەتی کلینتۆن، لەساڵی 2022 بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردوە(Lasher,k,j., 2005, 51-53).

(5) جۆن ئاشــــلی واردن. لە ٢١ی کانونی دوەمی ١٩٤٣ لەدایکبوە، عەقیدێکی خانەنشــــینکراوی هێزی ئاسمانیی ئەمریکایە. واردن دەرچوی ئەکادیمیای هێزی ئاسمانیی ئەمریکایە. بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا کاریکردوە. یاریدەری تایبەتی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بوە بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی و فەرماندەی فەرماندەیی کۆلێژی ئاسمانی بوە(Muir, A.J., 2015,95_100 )

(6) ڕۆبرێت پفلتزگراف: پرۆفیسۆری خوێندنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سکوڵی فلێچەر لە زانکۆی تافتس، ســەرۆکی پەیمانگای شیکردنەوەی سیاســەتی دەرەوە.* ریچارد شـڵتز: پرۆفیسـۆری خوێندنی ئاســایشــی نێودەوڵەتی لە سـکوڵی فلێچەر لە زانکۆی تافتس، هەروەها بەڕێوەبەری پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی ئاســایشــی نێودەوڵەتی ( Tufts University, 2022).

## لیستی سەرچاوەکان:

Allison, W. (2012) The Gulf War, 1990-91 Hampshire: Palgrave MacMillan.

Alnasrawi, A. (2000) Iraq: Economic Embargo and Predatory Rule Oxford: OUP.

Cordesman, A. & Wagner, (1996) A. The Lessons of Modern War, Vol IV – The Gulf War Oxford: OUP.

Coyote, C. (2013) Iraq War 2013: What Really Happened Behind the Scenes, US: Charles Edmond Coyote.

Cordesman A. H. and. Wagner, A. R. (1994) The Lessons of Modern War - Volume IV, Washington D. O.: Centre for Strategic and International.

Chun, C.K., 2008. John Warden's Five Ring Model and the Indirect Approach to War. ETH Zurich, June, 1

Danchev, A. &Keohane, D. (1993) International Perspectives on the Gulf Conflict: 1990-91 London: Palgrave Macmillan.

Dinackus, T. (2000) Order of Battle – Allied Ground Forces of Operation Desert Storm, Oregon: Hellgate Press

Finlan, A. (2003) The Gulf War 1991 (Essential Histories) Oxford: Osprey Publishings.

Fisk, R. (2006) The Great War for Civilisation: The Conquest of the Middle East London: Harper Collins.

Flanagan, E. (1991) 'The 100-Hour War,' Army, April, 1991.

12-Freedman, L. & Karsh, E. (1994) The Gulf Conflict 1990-1991 and Diplomacy and War in the New World Order London: Princeton University Press.

13- Fulghum, D. A. (1991). Allied Air Power, Forward Controllers Back Arabs to Make Their Drive Succeed. Aviation Week & Space Technology, 134(16), 71-73.

14-Gause, F.G., 2001. Iraq and the Gulf War: Decision-Making in Baghdad. Columbia University Press.

15-Gellman, B, (1991) 'Allied Air War Struck Broadly in Iraq: Officials Acknowledge Strategy Went Beyond Purely Military Targets' Washington Post, (June 23, 1991).

16-Hallion, R. (1992) Storm over Iraq – Air Power and the Gulf War, Washington DC: Smithsonian Institution Press

17-Khaddori, M &Ghareeb, E. (1997) War in the Gulf 1990-91 Oxford: OUP.

18-Lasher, K.J., 2005. Madeleine Albright, Gender, and Foreign Policy-Making. Journal of Political Science, 33(1).

19-Morrocco, J. (1991) 'War will Reshape Doctrine, but Lessons Are Limited' Aviation Week and Space Technology.

20-Muellor, J. (1994) Policy and Opinion in the Gulf War Chicago: University of Chicago Press.

21-Muir, A.J., 2015. Other Shades of Diversity: Identifying Factors that Facilitate Critical Thought. Air University Maxwell Air Force Base United States.

22-Posen, B.R. (2003) Command of the Commons: The Military Foundations of U.S Hegemony, International Security.

23-Press, D.G. (2001) ‘The Myth of Air Power in the Persian Gulf War and the Future of Warfare’ International Security, Vol 26, Issue 2.

24-Sayenga, K. ‘Wings over the Gulf’ The Discovery Channel: Bethesda, 1991.

25-Schultz, R. & Pfaltzgraff, R. L. (1992) The Future of Air Power in the aftermath of the Gulf War Alabama: Air University Press.

26-Sulton, B. (1995) Desert Warrior: A Personal View of the Gulf War by the Joint Forces Commander London: HarperCollins Online source

Leigh, D. & Wilson, J. (10 October 2001) ‘Counting Iraq’s Victims’ The Guardian Available at: <http://www.theguardian.com/world/2001/oct/10/iraq.socialsciences>|

[accessed 28 February 2014]

Tufts University (2022) biography about robret pfaltzgraff and Richard shultz

Available at :< https://fletcher.tufts.edu/people/faculty/richard-shultz>

< https://fletcher.tufts.edu/people/faculty/robert-pfaltzgraff > [Accessed 29 september 2022].

القصاص، كريمه زهدى (٢٠١٦) الإحتلال العراقى للكويت (١٩٩٠_١٩٩١)، رسالة ماجستير، الجامعة الاسلامية، غزه.

صالح، صالح خلف (٢٠١٠)اثار الاجتياح العراقى للكويت على العلاقات العراقية_الامريكية (١٩٨٨_٢٠٠٨)، رسالة الماجستير، جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا.

احمد، تركى (١٩٩٥) الغزو العراقى للكويت (ندوة بحثية) مؤسسة عالم المعرفة.

لكواز: محمد سالم احمد،٢٠١٢، العلاقات الكويبه الايرانيه ١٩٦٩-١٩٩١،دراسات تاريخيه سياسيه، مجله جامعه كركوك للدراسات الانسانيه، مج(٧) عدد(٣)٠